# دیكتاتۆریەت و تاكڕەوی لـە دەسەڵاتدا، سەرچاوەی گەندەڵی و دواكەوتنی كۆمەڵگەیە..

## لە دروشمەكانی (١٦) هەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەكگرتوو


یەكگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٧٧٦) شەممە
٢٠١٠/٢/٦ ز
١٧ی (ڕێبەندان)ی ٢٧٠٩ی كوردی
٢ی (صفر)ی ١٤٣١هـ
ساڵی پانزەهەم

نرخی (٥٠٠) دینارە

6- Feb. -2010 -
No. (776)
fifteenth Year
Kurdistan - Iraq


# مەكتەبی سیاسیی یەكگرتوو
# پاش (٧/٢٥) یەكگرتوو بوێرانە بەرنامەیەكی چڕوپڕی گرتە بەر بۆ بەخۆداچوونەوە و چاكسازی ناوخۆیی..

## بەیاننامەی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان بەبۆنەی شانزەهەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنیەوە

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**جەماوەری خۆشەویستی كوردستان**
**ئەندام و لایەنگران و دۆستانی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان**
**خوشكان برایان! السلام علیكم ورحمه الله وبركاته..**

بەڕێزان /
دوای تێپەڕبوونی شانزە ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستاندا، ئەوا جارێكی تر پێكەوە ساڵیادی ئەو ڕاگەیاندنە شكۆدارە دەكەینەوە.. ئەو یەكگرتووەی كە بۆ یەكەمجار لەدوای ڕاپەرینە مەزنەكەوە لە ساحەی سیاسی كوردستاندا وەك ئەزموونێكی هاوچەرخ و شارستانی هاتەكایەوە و توانی نمونەیەكی نوێی كوردستانی لە كاری سیاسی بە مەرجەعیەتێكی ئیسلامی میانەڕەوانەی دوور لە هەموو شێوازێكی توندڕەوی و میلیشیاگەری لە چوارچێوەی پرەنسیپەكانی دیموكراسیدا بە گەلەكەمان پێشكەش بكات.
بە درێژایی ئەو شانزە ساڵەی ڕابردووش لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوام بەرەو پێش هەنگاوی گەورەی ناوە و لە چەندین وێستگە و خاڵی وەرچەرخاندا لەپێناو پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی و بەها باڵاكانی كۆمەڵگەی كوردستانی و جێگیركردنی ئەزموونی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستاندا و چەسپاندنی مافەكانی گەلەكەمان لە عێراقدا، هەڵوێست و بڕیاری بوێرانەی نیشتمانی و نەتەوەیی وەرگرتووە.

بەڕێزان :
ئەمڕۆ كە حەڤدەهەمین مۆمی تەمەنی یەكگرتوو دادەگیرسێنین، جێگای خۆیەتی كە ئاماژە بە چەند وێستگە و هەڵوێستێكی ساڵی ڕابردوو بكەین، كە دیارترینیان بەشداریكردن بوو لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی هەرێمی كوردستاندا لە (٢٥/تەموز)دا، كە یەكگرتوو لە چوارچێوەی كاری چوار حیزبەكەدا بە لیستێكی هاوبەش بەشداری ئەو هەڵبژاردنەی كرد، لەگەڵ هەندێ تێبینی و ڕەخنە لەبارەی لیستەكە و ئەو ئەنجامەی بەدەستی هێنا، بەڵام لە ناوەڕۆكدا نموونەیەكی پێشكەوتوو بوو لە كاری سیاسی و كۆبوونەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەكان بە تێپەڕاندنی جیاوازیە فیكری و ئایدۆلۆژییەكان لەپێناو بەرژەوەندییە گشتیەكاندا، دوابەدوای ئەو پرۆسەیە و دەرهاوێشتە نەخوازراوەكانی، یەكگرتوو دەستوبرد و بوێرانە بەرنامەیەكی چڕوپڕی گرتە بەر بۆ بەخۆداچوونەوە و چاكسازی ناوخۆیی.
هەر لەو ماوەدا ڕاشكاوانە و بێ دوودڵی یەكگرتوو بڕیاری موعارەزەبوون و بەشدارینەكردنی لە كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمدا ڕاگەیاند، ئەوەش وەك پێداویستییەكی ژیانی سیاسی و دیموكراتی هەرێم لەم قۆناغەدا.
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، یەكگرتوو بڕیاریدا درێژە بە ئەزموونی لیستی سەربەرخۆ بدات، كە لە كۆتایی ساڵی (٢٠٠٥)دا بۆ یەكەم جار بوو لە مێژووی سیاسی هەرێمی كوردستاندا یەكگرتوو توانی ئەزموونێكی سەركەوتووی لیستی سەربەخۆ و هاوهەڵوێستی لە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەكاندا دابهێنێت.

بۆ ل٢

## بەرپرسی مەكتەبی سیاسیی یەكگرتوو:
# یەكگرتوو نەیویست چیتر ببێتە بەشێك لە دەسەڵاتێكی دواكەوتوو

**بەرپرسی مەكتەبی سیاسیی یەكگرتوو ئاماژە بەوە دەدات كە سیاسەتی دوو حیزبەكە بە شێوەیەكە، كە دەرفەت نییە بۆ هیچ جۆرە چاكسازییەكی ڕاستەقینە لە كاتی بەشداربوون لە حكومەتدا، چاوەڕوانی پێداچوونەوە لە یەكگرتوو دەكرا.**

بەرپرسی مەكتەبی سیاسی یەكگرتوو لە میانەی دیمانەیەكی ڕۆژنامەی یەكگرتوودا كە بەبۆنەی (٢/٦) لەگەڵی سازكراوە باس لە هۆكاری ئۆپۆزسیۆن بوونی یەكگرتوو دەكات و دەڵێت: "بۆ یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان لەم قۆناغەدا كە مادەم لایەنێكی چاكسازە و باوەڕی بە چاكسازی سیاسی هەیە و، لە چوارچێوەی سیستەمەكانی دیموكراسی لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بێت، هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ دەكرێت، كە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێت".
دەربارەی چاكسازیش لە ناو حكومەتدا پێیوایە كە "سیاسەتی دوو حیزبەكە بە شێوەیەكە كە دەرفەت نییە بۆ هیچ جۆرە چاكسازییەكی ڕاستەقینە لە كاتی بەشداربوون لە حكومەتدا" بۆیە یەكگرتوو ویستی "چیتر نەبێتە بەشێك لەو دەسەڵاتە دواكەوتووە". لە بارەی ئامادەكارییەكانی یەكگرتوو بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەرپرسی مەكتەبی سیاسی یەكگرتوو دەڵێت: "ئێستا كە یەكگرتوو لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكان، هاوكات ساڵیادی تێپەڕبوونی شانزە ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنیدا، لە هەركاتێكی تر لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە حاڵەتێكی تەندروست و سروشتیتردایە و تەواوی ئامادەكاری باشی هەیە".
ڕوو بە لایەنە دەسەڵاتدارەكانیش دەڵێت "بەسیەتی پەنابردن بۆ تەزویر و پێشلكاری و پەنابردن بۆ بەكارهێنانی سەروەت و سامان و هەموو ئیمكاناتێكی ئیداری و دەسەڵات، كە لەبەردەستیاندایە". ئێستاش هێشتا باس لە یەكگرتنەوەی تەواوی وەزارەتەكان دەكرێت نمونەی وەزارەتی پێشمەرگە، لەوبارەوە ڕای بەڕێزی وایە كە "ئەو دوو لایەنە سەرەكیەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە، بەو حاڵەت و وەزعەی ئێستا تیایدان، ئیرادەیەكی ڕاستەقینەیان نییە بۆ ئەوەی یەكبگرنەوە، چونكە هاوكێشەكە و هاوسەنگی نێوانیان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە". باسكردنی بابەتی یەكگرتنەوەكەش لەم كاتەدا بە بانگەشەی هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدات "تا وا لە جەماوەر تێبگەیەنن كە ئەوان هەنگاوی جددی دەنێن بەرەو یەكگرتنەوە".

بۆ ل٣



## نووسەر و ڕۆشنبیر (بەختیار عەلی) لە دیدارێكی تایبەتی یەكگرتوودا
# ئۆپۆزسیۆن گرنگە شتێك پێشكەش بكات لە پارتی و یەكێتی نەچێت..



**بەختیار عەلی پێی وایە كە ناسیۆنالیزمی كوردی بوونێكی ناكۆك و لاوازی هەیە، ئایدۆلۆژیایەكی ناكامڵ و گەشەنەكردووە، لەبەر ئەوە ناتوانێت ببێتە ئەو مەرجەعەی كە كۆنترۆڵی ژیانی سیاسی ئێمە بكات.**

نووسەر و ڕۆشنبیر (بەختیار عەلی) لە دیدارێكی تایبەتی یەكگرتوودا ئاماژە بەوە دەكات كە "دوای ڕاپەڕین حیزب بوو بەو ئاستەنگە گەورەیەی كە ڕێگری گەورە لە دروستكردنی ئەلتەرناتیڤ و بیركردنەوە لێی و ناولێنانی دەكات. ئەم دژایەتیكردنەی ئەلتەرناتیڤ تەنیا لە ئاستی سیاسیدا پیادە نەبووە، بەڵكو لە ئاستی ڕۆشنبیری و فیكریشدایە، وەختە بڵێم لە هەموو ئاستەكانی ژیاندایە"..
ئەو نووسەرە كە لە نووسینەكانیدا پاڵپشتی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی كوردی كردووە، پێی وایە كە "كۆمەڵگای بێ ئۆپۆزسیۆن كۆمەڵگایەكی خنكاوە، كۆمەڵگایەكە دەرگای بەسەر زەمەن و داهاتوودا نییە. لە ڕاستیدا شتێك نییە ناوی (نەبوونی ئۆپۆزسیۆن) بێت، هەموو كۆمەڵگایەك وەك ئەگەر و پێكهاتی ناوەكی لەناو خۆیدا مەرجی سەرهەڵدان و دەركەوتنی ئۆپۆزسیۆنی هەڵگرتووە"..
(بەختیار عەلی) وا تەماشا دەكات كە یەكێتی و پارتی ئێستا لە باوكێك دەچن كە بەرەو پیری دەچێت، باوكێك ساڵەهای ساڵ دەسەڵاتێكی ڕەهای لەناو خێزاندا هەبووبێت و ئێستا پیری هێدی هێدی دەستی شل دەكات. دیارە بەحوكمی كۆمەڵێك هۆكار، دەشێت هێزێك خێراتر بەو پرۆسەی پیربوونەدا بڕوات، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر هێزێكی سیاسی نوێبوونەوەی ڕاستەقینە لەخۆیدا نەكات، درەنگ یان زوو، وەك هەر ئۆرگانێكی كۆمەڵایەتی كە بیەوێت تەحەددای یاساكانی زەمەن و گۆڕانی سەردەمەكان بكات، زیاتر و زووتر پیر دەبێت، بەڵام زۆر گرنگە ئۆپۆزسیۆن تەنیا كەرتبوونی ئەو پیرییە، یان تەنیا یاخیبوون نەبێت لە دەسەڵاتی پیاوە پیرەكان، ئۆپۆزسیۆن دەبێت شتێكی دیكە و هەڵگری پرۆژەی پاشەڕۆژ بێت.

بۆ ل٩

# خانەقین دانیشتوانەكەی (١٥٠) هەزارە، بەڵام حكومەت حیسابی (٦٥) هەزاری بۆ كردووە..

لە كۆی (٤٤) هەزار داواكار لە دیالە، (٢٠) هەزاریان گرێبەستی دامەزراندنیان بۆ دەردەچێت، كە كەمتر لە هەزاری بەر خانەقین كەوتووە و بەو هۆیەوە بەرپرسە كوردییەكان نارەزایی دەدەبڕن و ئەندامێكی ئەنجومەنیش هۆكارەكەی دەگێڕێتەوە بۆ ئاماری (٢٠٠٥).

لە كۆی (٤٤) هەزار هاووڵاتی پاڵێوراو لە دیالە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە تیروپشك گرێبەستی دامەزراندن تەنها بۆ (٢٠) هەزاریان دەرچوو. كە لەو ژمارە زۆرە تەنها (٨٤٠) كەسیان خەڵكی خانەقینن.
بەو هۆیەشەوە كوتلەی هاوپەیمانیی كوردستان، كە لە یەكگرتوو و سۆسیالیست و پارتی و یەكێتی پێكدێن، ڕازی نەبوون بەو ژمارە و بەرپرسێكیش پێی ڕاگەیاندین كە قائیمقام و ئیدارەی خانەقین نیگەران بوون بەو ژمارەیە، لە كاتێكدا كە سەرجەم قائیمقامەكان ئامادەی تیروپشكەكە بوون، بەڵام قائیمقامی خانەقی ئامادە نەبووە و داوایشی كردووە كە تیروپشكەكە دووبارە بكرێتەوە.
بەپێی لێدوانی ئەندامێكی ئەنجومەنی دیالە، هۆكاری ئەو ژمارە كەمەی خانەقین دەگەڕێتەوە بۆ ئاماری ساڵی (٢٠٠٥)، كە حیسابی (٦٥) هەزار دانیشتووی بۆ خانەقین كردووە، بەڵام ئێستا زیاتر لە (١٥٠) هەزار دەبێت. ڕایشیگەیاند كە پێوستە لە ئایندەدا ئەو ژمارەیە ڕاست بكرێتەوە بۆ مەسەلەی گرنگتر لەو گرێبەستانە.
بڕیاریش وایە ئەو هاووڵاتیانەی گرێبەستەكانیان بۆ دەرچووە، لە مانگی (٢)دا دەستەبەكار بن لە كارەكانیان، كە دابەش كراون بەسەر (٥) قەزا و (١٨) ناحیەدا.